هەتا ئەو سەری قیامەتی  دنیا
دڵێ بە شوێنتەوەیە !

ئاری عەبدوللەتیف

لای من ئاسمان شین نییە
لای من وەتەن شتێکی ترە لە دۆزەخ
لای من دنیا چەشنێکی ترە لە مردن
لای من ژیان هیچ نییە

زۆر گریام
شیعرم زۆر گریا
لای من گریان مانای ژیربوونەوەی ئینسانە
لای من گریان
باوەش کردنە بە ئەبەدییەتدا
چوونە ناو چاوی بارانە
خۆکوشتنە بۆ زیندووبوونەوە
مژینی پەنجە گەورەی شەڕە
بۆ ئاشتبوونەوە

هەموو شتێکت برد
هیچت نەهێشتەوە بۆ من
تەنانەت سەفەریشت برد
تەنانەت مردنیش
چیت هێشتۆتەوە بۆ من

جگە لە خۆم و بۆینباخێکی چاوڕەش
کە بە دزییەوە لێم فڕاندی
جگە لەو وێنە ئەسمەرانەی
ئەوەندە سەیری ڕومەتیانم کردووە
ئێستە لە خۆم ناکەن
ئێستە لە تۆ ناکەن
لە کەسمان ناکەن

ڕۆشتی .. ئێستە دڵم بە شوێنتەوەیە
تۆ نایبینی .. ئەو شێتانە بە دواتەوەیە
ڕۆشتی ..
ئێستە شار تۆی لێ نییە
گەڕەك بۆنی پێکەنینەکانتی لێوەنایە
ماڵ سوێنی خواردووە پێکەوە بگرین
خەونەکانی تۆی لانەماوە
مەکتەب عاتیفەکانی تۆی پێنەماوە
مناڵان بۆ شتێ ئەگەڕێن ون بووە
مامۆستا وانەی یەکەم ئەکا بە شاغیر
وانەی دووەم ئەکا بە پشوو
وانەی سێیەم بە گریان
وانەی چوارەم بە چوونە بەر باران
وانەی پێنجەم ئەکا بە نوسینەوەی عەتر
مامۆستا یاری ناکا دەرسیش ناڵێتەوە
نیوەی ساڵ بە شاورێ

هەموو پەپولەکان باڵ پێئەگرێ
سەری ساڵیش هەموویان هەڵئەفڕێنێ ..!

سەفەرت نیهایەت بوو
ڕۆشتنت ژەنینی ئاوازی مەرگ
کۆچت شکانی
دەست و پلی پەنجەرەی هەتاو
دەمزانی ئەم هەموو چۆلەکەی پێکەنینانە
هێلانەیەکیان نیە لێرە
ئەم هەموو کۆتری پیاسانە
شەقامێکیان دەست ناکەوێ
ئەم هەموو بخوردی قسانە
دیوارێ شك نابەن
بۆنی ئایندەی خۆیانی پیاهەڵواسن
دەمزانی ئەڕۆی
بەڵام وشەی ڕۆشتنم
هەرزوو لە بێشکەدا بەستبوەوە
دەمزانی هەموو شتێکم ئەبەی
حیکایەتی پاڵ ئێوارانی تورەیی و
بارانە ڕوت و قوتەکانم ئەبەی
دەمزانی هەموو پێکەنینەکانم ئەماشیتەوە و ئەیبەی
سوعبەتەکانم ئەخەیتە باخەڵت و ئەڕۆی
مۆسیقا شێتەکانم ئەخەیتە ژێر ملیوانی کراسەکەت و ئەڕۆی
ڕوانینەکانم بە قژە لولەکەتەوە دائەهێنیت و ئەڕۆی

دەمزانی هەموو شتێ لە ئێرەمی دڵی خۆتدا
ئەخەوێنی و ئەڕۆی
جگە لە خۆم و ئەو بۆینباخە کراس ڕەشە باڵابەرزەی
کە بەیانییەکیان لە ژووری مامۆستایان
ملم بۆ دانەواند و
بە ئەدەبەوە هاتە سەر گەردنم
ببورە جگە لەو نیشتیمانەشی
ئاوێنەیەکی تیا نەبوو
تۆ دەرخا
ئاوی پێکەنینێکی تیا نەبوو
بۆ گۆزەی لێوی تۆ بشێ
چیمەنێکی نەبوو
ئەوینت سەرخەوێ بشکێنێ
بستێ زەوی نەبوو بۆ مردنت
تۆزێ کاتی نەبوو بۆ وتنت

شێتم مەکە بە ڕۆشتنت
ئەم دوو چاوە گریاوە بە مل کێوە جێ ئەهێڵی
کەی توانای حەشری فرمێسکم هەیە
کەی توانیومە مۆسیقای هەناسەیەکم
بێ تۆ بژەنم
کەی ئەزانم پێی ئێوارەیەکم
بنێرمە لای پیاسە
ئیتر ئەستێرەی پێکەنین

چۆن بماشمەوە

بە کێ بڵێم

هاوڕێ جگەرەیە داگیرسێنە

سیروان چی لێ بکەم

نیشتیمان فڕێدەمە کوێ

ژیان چ مانایەکی ئەمێنێ؟

هەتا ئەو سەری قیامەتی دنیا

دڵێ بەشوێنتەوەیە

نایبینی

بە بۆنی عاتیفەتەوە نووساوە

بە چڵی فرمێسکەکانتەوەیە

بە سنگتەوە نوساوە

نزیك لە باغی ڕۆحت

بۆ دڵت ئەگەڕێ نایدۆزێتەوە

هاتووە شتێ بچپێنێ بە دڵتاو بچێ

هاتووە شتێکی لەبیر چووە پێت بڵێ

بێرەوە چاوە ڕاستەکەی شیعر بێرەوە

بێرەوە سنەوبەرە خەیاڵ تەڕەکەی

سەرشەقامی غەریبی بێرەوە

کورسییەکت لە پەنجەی خۆم بۆ ئەچنم

ئەتبەمە ناو زاکیرەی مانگ

لە شووشەی هەناسەیەکی بۆنخۆشدا

هەڵت ئەگرم

ناتبەمەوە شەقامە چڵكنەكانی شار

پێت ناخەمەوە نیشتیمانی ئاشوب

نایەڵم سیاسەت بتفرۆشێتەوە

بێرەوە تا نیشتیمان چاك ئەبێتەوە

ئەتنێرمە لای فریشتەكانی ئاسمان

هەر مامۆستابە لەوێش

هەر كوڕی باران بە لەوێش

هەر بەهارت خۆشبوێ لەوێش

ئەخێر مۆسیقام بۆ لێدە با ئیتر بنووم

ژیان بەشی پیاسەیەكی نەكرد

ژیان ناتوانێ ئاسودەمان كات

ژیان گەمژەیە

هەر خۆی ئەژێنێ

هەر خۆی ئەژێنێ ژیان!

ئەخێر سۆناتام بۆ بژەنە

با بچمە حزوری مەرگ

لەوێ ئەتوانم خۆم حونجەكەم

وانەی ئەلفبێی كوردی لەوێ ئەوترێتەوە

بۆم بژەنە پارچەیە مۆزارت

با دەست بگرم بە پێڵاوی ئەستێرەیەكی

بەشەرەفەوە

تۆزێ گەردوونم پێ تەیكا

زەوییەکی ترم بۆ بدۆزێتەوە

مردنی ئەویٚ

لەهەزار ژیانی ئێرە موقەددەس ترە

ژیان لێرە هەڵماتی عەقڵی جەللادەکانە

لەسەر سفرەی نیشتیمان یاری پێئەکەن !

جەللادی شەقامەکان

جەللادی سەر عەموودەکان

جەللادی بازاڕەکان

جەللادی سەربانەکان !

درەنگە درەنگە بۆ منیش

تۆزیٚ سواڵم پیٚ بکە

لەسەر دەسرِیٚ بایی تۆزیٚ شۆڕش ئاوم بەریٚ

نەڕواتەوە سەر ڕەگەزی

هیچ بەلۆعەیەکی سیاسیی

منالّی هیچ کانییەکی ئەم نیشتیمانە نەبیٚ

کە ڕۆژیٚ سەکۆی بەردەنوێژەکەی بارەگا بوبیٚ

ئەخیر مردنم بەریٚ ، ئەخیر گالیسکە

بەشی مردنیٚ مۆسیقای تیا بیٚ

بەشی مردنیٚ ئاو

لەویٚ هەموو قەرزەکان ئەدەمەوە

هەموو شتیٚ

ڕۆح گلّمۆچە ئەکەم و ئەیبەخشمەوە بە ئیزرائیل

ژیانیش بە نامەیەکا

ڕەوانە ئەکەمەوە بۆ ئەو زەرووانەی
خوێنی ژیان بەشیان ناکا
بەیەك ژیان ڕازی نین !

مۆسیقا
دەنگی ناگۆڕێ
ڕەنگی ، تامی وەك خۆیەتی
لە ئاو ئەچێ مۆسیقا
تەڕ نابێ تەڕ نابێتەوە
مۆسیقا بە ئاو تەڕ نابێتەوە !
لێرە لە بەهەشتی مردن
خودا ڕۆحێکی ترم پێئەدا
لە ڕۆحی ژیان و دارودەستەکەی ناچێ
لە ڕۆحی نیشتیمان و چاوەشەکانی ناچێ
لە ڕۆحی هیچ کەس ناچێ ..!
لێرە ئیتر تەنیا من و تۆ هاونیشتیمانین
خوا و من و تۆ
من و تۆ و مۆسیقا و ئاو
مۆسیقا و ئاو
ئاو ..!